لای لاوانی ئێمە تەنها ڕەمەزان مانگی عیبادەتە. . . . . دڵشاد ئیبراهیم

هەموو ساڵێك هەر كە مانگی ڕەمەزان نزیك دەبێتەوە، ئیدی خەڵكانی موسوڵمان
خۆیان ئامادە دەكەن بۆ پێشوازی كردن لەم مانگە، بەڵام ئەوەی كە جێگەی سەرنجە
ئەوەیە كە زۆربەی زۆری لاوانمان بەتایبەتیش لە ئەوروپاداجگە لەوەی كە هیچ جۆرە خۆشحاڵییەك بە سەروسیمایانەوە دیار
نیە لە پێشوازیكردنی ئەم مانگەدا بەڵكو خۆشیان
بە ناچاركراو دەزانن لە پەیڕەوكردنی عیبادەت لەم مانگەداو دەستدەكەن بەكاری خۆبرسیكردن، واتە ڕۆژووگرتنو تەنانەت
هەندێكیان ڕۆژووی بێ نوێژیش بە وەرگیراو دەزانن
لەلایەن خوداوەویازدە مانگی ساڵێك بۆ خۆیان بە مۆڵەتدراو لەقەڵەم دەدەن بۆ كردنی هەر كارێك كە خواستو ئارەزووی ئەوان
بێت، هەر لە شەراب خواردنەوەوكاری سێكسی لابەلاو تەنانەت بەكارهێنانی دەرمانو. . . . . هتد
لای ئەوان ڕەمەزان مانگی پشوودانە بە ئەو كارانەی كە لە زەینی خۆیاندا بە خراپو دژە دینو
ڕێگر لە چوونی ئەوان بۆ بەهەشتی دەبینن‌وهەر كە مام ڕەمەزانیش بنەوبارگەی كۆكردەوە بە مەبەستی ماڵئاوایی تا ساڵێكی
تر، ئیدی گۆشەی مەیخانەوبارو كڵەبی شەوانە ئەمان لە ئامێز دەگرێتەوە، وەكو ئەوەی كە تەنها ڕەمەزان مانگی دین‌وعیبادەت
بێت
تەنها خۆزگەوئاواتم بۆ ئەو لاوانەمان ئەوەیە كە كەمێك واقیع بینانە بیربكەنەوەو چیدی خۆیان لە تەمومژی گومڕاییدا وون
نەكەن‌وخۆیان ڕەها بكەن لە كۆتی نەزانین‌وبێ مەبدەئی‌وبێ بەرنامەیی، لە كۆتاییشدا ئەم چوارینەیەی عومەر خەیام كە لە
لایەن هەژار موكریانی‌یەوە وەرگێڕدراوە پێشكەش دەكەم بەو لاوانەمان؛

مانگی ڕەمەزان نێزدیكە پێمان ئێژن
مەی هەرچی هەیە بیرێژن‌ومەیچێژن
من هێندە دەخۆمەوە لە كلكەی شەعبان
مەستوكەلەلا بۆی دەكەوم تا جێژن . . . . . . . . . . . . . . .
**07. 11. 03**